مەسعود بارزانی: خوازیارین کێشەکانی لێژنەی ناوەڕاست بە ئاشتی چارەسەر بکرێن



مەسعود بارزانی، سەرکی پارتی لەگەڵ جان نوێل بارۆ، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کێبوەوە و رایگەیاند، خوازیاری ئەوەن سەرجەم کێشە و گرفتکانی ناوچەی لێژنەڕاتی ناوەڕاست بە لێگەی ئاشتیانە بگاتە چارەسەر و ناوچەکە سەقامگیری بخێیوە ببینێت، بارێتیش دەڵێت، "وەاتکەی هەمیشە سەزکی تایبەتی بۆ دەزی گەلی کوردستان هێبوە لە لێژنەڕاتی ناوەڕاست".

بەگوێرەی راگەیەندراوکی بارەگای بارزانی، مەسعود بارزانی ئەمڕۆ لە پیرمام لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کێبوەوە و لە دیدارکدا کە پاتریك دورێل، باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق و یان برێم، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر ئامادەی بو، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئاماژەی بۆ هەوڵە بەردەوامکانی ماکرۆن و بارزانیدا لە هاندانی لایەنکان بۆ گەیشتن بە لێککوتن لە سوریا و ئەو هەوڵانەی بەرزنرخاند.

ئاماژەی بەوەشکراوە، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا "نامەیکی مەڵا مستەفا بارزانی پێشکێشی مەسعود بارزانی کرد کە لە ساڵی 1967 لە لایەن بارزانیەوە بۆ جنێڕاڵ دیگۆل سەرکی فەرەنسا نێردرابو و لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسادا هێگیرابو".

لەو راگەیەندراوەکەدا هاتوە، هەر لەو دیدارەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و سوریا و پێگەی ئاشتی لە تورکیا و پێگەی سیاسی عێراق و هەرێم ئاوگۆڕ کرا و بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە "خوازیاری ئەوەن سەرجەم کێشە و گرفتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕێگەی ئاشتیانە بگاتە چارەسەر و ناوچەکە سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێت".

پەیوەندیی بە پێگەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا، مەسعود بارزانی هیوای خواستوە کە پێگەی ئاشتی لە تورکیا بە ڕێگەی دیالۆگ بگاتە ئەنجام و هەمیشە پشتیوانی ئەو پێگەیە بون.

لەبارەی ڕۆژاڤاشەوە، مەسعود بارزانی وتویەتی، "هەمو هەوڵی خۆم بەکارهێنا بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی ناکۆکی سیاسی بکرێتە شەڕی نێتەوەیی نێوان کورد و عەرەب و هەروەها ڕێگری لەوە بکرێت کە پاکتاوی ڕەگەزی لەدژی گەلی کورد لە سوریا ڕوبدات"، جەختیشی لەوە کردەوە کە پشتگیری لە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی سوریا و هەسەدە دەکەن.
بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، مەسعود بارزانی لەبارەی مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر ئەوەی خستەوە، "مەترسی بەهێزبونەوەی داعش لەئارادایە و پێویستە میکانیزمێکی گونجاو و هەماهەنگیی لێنەوان لایەنەکان هەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەی تیرۆر و داعش".

هاوکات وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی هەمیشە سەزکی تایبەتی بە دەزی گەلی کوردستان هەبوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاپشتی ئەوەیە گەلی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتیانە بە مافەکانی خۆی شاد ببێت و هەروەها وڵاتەکەی لەگەڵ پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەردەوامیی هەرێمی کوردستانێکی بەهێزدایە.